# بەرنامەی منداڵان لە تەلەفزیۆنەکان



گەشاوە جاف

بوونی بەرنامەی مندالان لە تەلەفزیۆنەکان لە مێژەو بە گرنگترین بەشی کەنالەکان ناسراوە لە پاڵ بەرنامەکانی تردا ،بەڵام ئایا بە کام جۆرە لە بەرنامە دەگوترێت کە بەتایبەت بۆ منداڵان بەرهەم هێنرابێت تا جەند ئامانجیان پەروەردەکردن یان بە شێوازێک رێکخستنی کاتەکانینە بۆ فێرکردنی رەفتاری دروست؟ وە تا جەند بەرنامەکانی کەناڵەکان توانیویانە لە ڕێگەی کاتی پێشکەش کردنی بەرنامەکانیان زانیاری سوودمەند بەگەیەننە ئەو جیلەی کە دەبنە مۆی رۆشنی کۆمەڵگەلە داهاتوودا؟ یان تاجەند توانیومانە منداڵەکانمان لە هەواڵ و ڕووداوەکانی ناخۆ و دەورووبەر ئاگادار بکەینەوە لەڕێگەی هەستیارترین بەشی ماس میدیا کە ئەویش تەلەفزیۆنە؟ جونکە تەلەفزیۆن وەک دەرزی مۆرفین وەهایە کە مرۆڤ بەنج دەکات بە بەرنامەکانی بۆ گەورەکان جا بۆ منداڵان زیاترکاریگەرترە هەر بۆیە ئەوانەی کار بۆ بەشی مندالاندەکەن زۆر بە بەئاگاییەوە بیرۆکەی بەرنامەکان تاوتوێ دەکەن پێش بریاردان لەسەر بەرهەمی بهێنانی بیرۆکە .
چۆرەکانی بەرنامەی منداڵان بەپێی تەمەنەکانیان بەرهەم دەهێنرێت و ئامانجی بەرنامەکە ئاڕاستەی بینەرەکانی دەکات ، هەروەک چۆن بەرنامەکانی گەورەش بەپێی تەمەنەکاینان پۆلێن دەکرن و جۆرەکانیان دەگۆڕێت .بەڵام بەرهەم هێنانی بەرنامەی منداڵان بۆ تەنەمەکانی ژێر شەش سا□ زیاتر وێنەی جوڵاوە ئاژەلێک یان گۆلێک دەبێتە کاراکتەری سەرکی بەرنامەکە لە ڕیگەی ئەو کاراکتەرەوە هەر بەرنامەی باس لە کردارێکی باش دەکات یان ژیانی ناوباخێک یان دراستانێک یان باخجەی ئاژەڵان دەکات ، زۆربەی ئەم بەرنامانە بێدەنگن قسەکردنی تێدانیە بگرە زیاتر کردارە لەڕیگەی جوولەوە بیرو بۆجوونەکانت بە منداڵان دەگەیەنیت هەندێکیشیان دەنگی خراوەتە سەر یان ئەو دەنگە بەشداری دەکات لەگەڵ کاراکتەرەکان پرسیاریان لێ دەکات ئەوانیش بە زمانی منداڵانی ئەو تەمەنە جواب دەدەنەوە وەها دەکات لە بینەرەکان کە هەست بکەن ئوانیش بەشدارن لە فیلمە کە یان بەرنامەکە
.
زۆر بەی ئەم بەرنامانە لە شیوەی فیلم کارتۆندان وە بەهۆی بێش کەوتنی تەکنەلۆژیاوە لەم سەردەمەدا زۆربەی بەرنامەکان بە شێوەی فیلمی ئەنیمەیشن بەرهەم دەهێنرێت . وە لەبەر ئەوەی ڕەنگەکان ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە ڕاکێشانی سەرەنجی ئەم بینەرە بجووکانە وەها لێ دەکات کە بەبەردەوامی سەیری بەرنامەکەبکەن جونکە منداڵان ئەگەر بابەت و رەنگ و پێشکەشکار هەستی نەجوڵێنێت توانای نابێت کە تا کۆتایی بەرنامەکە بمێنێتەوە هەر بۆیە بەکار هێنانی ڕەنگەکان جیرۆکی بەرنامەکان شوق دارتردەکات لای منداڵانی ئەم تەمەنە دیاریکراوە هۆکەشی ئەوەیە بیر و هۆشیان بۆ لای ناوەڕۆکی بەرنامەکە ڕابکێشن ، وەگرنگی ئەو دەنگانەی قسەدەکەن شێوەی گفتۆگۆکانیان هاوشێوەی زمانی منداڵانی تەمەنی سفر بۆ شەشساڵانە بینەرەکانی بەئاسانی لە زمانەوانی گفتوگۆکانی بەرنامە کە تێدەگەن. وە تازەترین بەرهەمهێنانی بەرنامەکانی ئەم تەمەنە ئەنیمەیشنە مەبەست وێنەی جووڵاوە هاوکات جەند منداڵێکیشی تێکەڵ کراوە بۆ زیاتر بەهێزکردنی بەرنامەکە و تێکەڵ کردنی دیناى خەیاڵ لەگەڵ دنیای واقیع وە ناوەرۆکی بەرنامەکان باس لە شوێنێکی خەیاڵی دەکات کە بەهۆیەوە منداڵانی ئەم تەمەنە لە ڕێگەی ئامانجی بەرنامەکە خەیاڵیان بەرفراوان دەبێت خولیای گەران بەشوێن شتە

وونبووەکاندا لە ژیان زیاتردەبێت، هەر ڕۆژەی فێری ووشەیەکی تازە یان ئاشنا یان دەکات بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان پڕ دەبن لە زانیاری بەسوود کە کەڵکی لێ وەردەگرن لە دوارۆژدا.
بۆوەڵامی پرسیارەکانی سەروەم لە کۆی تێروانینم بۆ بەرنامەکانی بەشی منداڵان لە تەلەفزیۆنەکانی کوردستان تا ئێستا کار لەسەر ئەوبنەمایانە نەکراوە و کەسانی شارەزا جی دەستیان دیارنیە بە بەرهەمهێنانی بەرنامەی منداڵنەوە،هەندێ بەرنامەکراوە بەڵام لە ئاستی داخوازی منداڵاندا نیە زیاتر پڕکردنەوەی کاتی تەلەفزیۆنەکەیە ،جونکە کە بەرنامەیەک نەتوانی ئامانجی هەبێت پێشاندانی نابێتە هۆکاری ئەرێنی بۆ بینەرەکانی ،تا ئێستا بەرنامەکان نەیان توانیوە هەمەجۆربن مانای کارکردن لە گەڵ منداڵدا کەواتە منداڵان ئەکتیڤکە نەک لە بەرنامەکەشدا بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ پێ بڵێیت کە تۆی گەورە هەموو شتێک ئەزانی و ئەو دەنێ گۆێ بگرێت گرنگ نیە تاجەند ئەو منداله بەرنامەکەی بەدڵە یان نا گرنگ پڕکردنەوەی کات بێت.ئێمە توانامان هەیە کە ئەو بەرنامانە بەرهەم بهێنین کە منداڵان پڕ زانیاری گشتی و پەروەردەییان دەکات بەڵام بۆتا ئێستا نەکراوە ئەو پرسیارە بۆتۆی خوێنەر بە جێ دەهێڵم .

گەشاوە جاف
لەندەن/2010